# خەباتی لە خودا پارانەوە ... مامۆستا فەخرەدین زیارەتی

ئەگەر بێت و ئاورێك لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بدەینەوە، دەبینین خەباتەکان لە سەرەتاوە بە خەباتی سیاسی و دیالۆگ لە لایەن کوردەوە دەستیپێکردووە،لەگەل لایەنەکانی تر دژ بە مافەکانی گەلی کوردستان،پاشانیش دوای دان نەهێنان بەم مافە رەوایانەی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمەکانی دەست بەسەراگەری خاکی کوردستان،کورد ناچار بووە پەنا بۆ خەباتی چەکداری بباو لە هەمان کاتیشدا خەباتی سیاسی نەوەستێنێ،ئەگەر لایەنی بەرامبەر بڕوای پێ هەبێ.

ئەوەی جێگەی باسە باسکردنی دوای ڕاپەڕین و دوای ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەغدایەو دەست بەکاربوونی حکومەتی هەڵبژێردراوی عیراقی (فیدڕاڵ)ە.

دوای پێداگرتنی لایەنی کوردی لە (مجلس الحکم) بۆ دەست نیشانکردنی بەڕیز کاك غازی عجیل یاوەر بۆ سەرۆکی کۆماری عیراقی (فیدڕاڵ) ،خزمایەتیەك لە نێوان کورد و سەرۆکی کۆمار ڕوویدا ئەویش بەبوونی بەڕێزیان (کاك غازی) بە زاوامان، تۆ بڵێی بەم ڕێگەیە ئەم بەڕیزە دان بە مافی نەتەوەیی کورد و کوردستان دابنێ؟ من لەلایەن خۆمەوە ئەم ڕووداوەم بە زۆرێکی تر لە خەبات لە قەڵەم دا،وە ناوم نا خەباتی خزمایەتی،کەچی بەداخەوە ئەم جۆرەی خەباتەش سەری نەگرت.

بۆیە ئەم جارەیان ڕوو لە خەباتێك دەکەین،ئەویش خەباتی لە خودا پاڕانەوەیە، داوا دەکەین لە هەموو ووتاربێژانی ڕۆژانی هەینی و هەموو قەشەکانی کوردستان لە کڵێساکان،لە خودا بپاڕێنەوە بەڵکو حکومەتی عیڕاقی (فیدڕاڵ) ی ئێستاو داهاتووی دوای هەڵبژاردن،ئەو بڕگانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی گەلی کوردستان لە ڕەشنووسی دەستووردا جێ بەجێ نەکات، تاوەکو کورد داوای جیابوونەوەو مافی چارەی خۆنووسین بکات، ئەگەر بوێرێت؟ بەو بیانووەی کە یەکێك لە بڕگەکانی ڕەشنووسی دەستووری عیڕاقی (فیدڕاڵ) دان بە مافی چارەنووسی کورد دا دێنێت،ئەگەر هاتوو ئەو حکومەتە پابەند نەبوو بە جێ بەجێکردنی ئەو بڕگانەی پەیوەستن بە کورد و کورستانەوە،هەروەك سەرکردایەتی کورد وای شی دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و شانازیم بۆ خەباتی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان،خوا نەکا من لە وانە نیم کە گاڵتە بە خەباتی گەلی کوردستان بکەم،بەڵکو هەردەم پێی سەربەرزم،بەلاّم ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم ڕۆی شەقامی کوردستان و عیڕاق ئەوە دەخوازێ و چارەنووسی کوردستان بەم قۆناغانەدا تێ دەپەڕی.

zyarati@hotmail. com